Kurdocide Watch — CHAK — Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

**Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan**

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# چاودێری کوردۆساید : پیرۆزبایی بە هۆی سەرکەوتنی کەیسی فەیلیەکانەوە

**ئەمڕۆ٢٩-١١-٢٠١٠ , پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ زوڵم و تاوان , دادگای باڵای تاوانەکان کەیسی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکانی وەك جینۆساید ناسی و ژمارەیەك تاوانبار بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو کە بریتی بوون لە : سەعدون شاکرو مزبان خزر هادی و عەزیز ساڵح نۆمان حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپێنرا بەتۆمەتی کۆمەڵکوژیی و تاریق عەزیزیش بە١٠ ساڵ حوکمدراو هەریەك لەتۆمەتباران سەبعاوی ئیبراهیم و وەتبان ئیبراهیم و فازیل سفلیج ئەلعەزاوی بێتاوان دەرچوون.**

**ئێمە لێرەدا پیرۆز بایی لە خۆمان و لە برا فەیلیەکان و لە هەموو ئەو ڕێکخراو چالاکڤانە فەیلییانە دەکەین بە کاری جدییان بەردەوام بوون لە هەوڵ و کۆششیان بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری .**

**هەرچەندە ڕێکخراوەکەمان کارکردن بۆ کەیسی جینۆسایدی فەیلیەکان بە کاری خۆی دەزانێت و لەم نێوەدا دەیان چالاکی ئەنجامداوە یان بەشدار بووە تیایدا و لە پێشەوەی ڕێکخراو لایەنەکانەویە, بەڵام هاوکات دان بەوەدا دەنێین کارەکانمکان لە ئاست گەورەیی ئەو تاوانە و مەرگەساتی قوربانیانی نەبووە و کەمتەرخەمیمان هەبووە.**

**لە گەڵ ڕەخنەگرتنمان لە خۆمان و پیرۆز بایی لە برا فەیلیەکانمان لێرەوە داوای قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوی بۆ قوربانیانی فەیلی دەکەین لە :**

**١- قەرەبوو کردنە وە ی تەواوی مادی زیانلێکەوتوان.**

**٢- داوای لێبوردن کردن لێیان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە .**

## بژی دادپەروەری

## چاودێری کوردۆساید- چاك

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە ٦ - ١- ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە ٢٤ - ١- ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**

**٢٠١٠-١١-٢٩**

**Kurdocide Watch**
www.kurdocide.com
www.kurdocidewatch.net
kurdocide@hotmail.com

**چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە ٦-١-٢٠٠٢ دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی(**ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالـــکردنو جینۆسایدی گەلی کـورد- چاك**)کاری دەکرد، لە بەرواری ٢٤-١-٢٠٠٩ ئەم ناوەی وەرگرت ,تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات .**

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە ٦ ـ ١ـ ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاك , لە ٢٤ ـ ١ـ ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.